رەگەزەکانی بەرهەمهێنانی شیعر لای مەحوی... نووسینی: عەتا قەرەداخی

سەرەتا:

رەنگە یەکێك لە کێشە سەرەکیەکانی قسەکردن لەسەر شیعری کلاسیکی کوردی ئەوە بێت کە زۆرێك لە سەرچاوەکانی ئەم رێبازە شیعریە بە تایبەتی لە ئاستی زمانو هونەرەکانی شیعردا پەیوەست بن بە هەمان سەرچاوەکانی شیعری دراوسێکانی کوردەوە بە تایبەتی شیعری عەرەبیو فارسی. هەبەت ئەوەش هۆکاری بابەتی خۆیی هەیە کە لە پێش هەموویانەوە ئەوەیە کە سەرچاوەی رۆشنبیری کوردی لە رابردوودا بە پلەی یەکەم عەرەبیو فارسی بووە، دیارە رۆشنبیری تورکیش لە پلەی دووەمدا دێت ئەویش بە کاریگەری ئەوەی کە یەکەم کوردو هەریەکە لەم سێ نەتەوە جیاوازە هاوئایینن. خاڵی دووەم کە ئەویش بایەخی خۆیی هەیە ئەوەیە کە کورد بۆ ماوەی دوورو درێژی لە لایەن دەسەڵاتی ئیداریو سیاسی ئەو نەتەوانەوە بەڕێوەبراوەو تا ئەندازەی ئەوە دەتوانین بڵێین کەڵتووری کراوەو بەو پێیەش کەلتوورەکەشی لەلایەن کەلتووری ئەو نەتەوانەوە کە باڵادەستتر بوون لە کورد کەڵتووری کراوە. هەروەك تا قۆناغێکی درەنگیش نووسین بە کوردی دەرنەکەوتووەو، کورد بە زمانی عەرەبی یان فارسی یان تورکی نووسیووێتی. ئەوە ئاشکرایە کە زمان وەکو ئامرازی دەربڕین یەکێکە لە پایە سەرەکیەکانی هەر دەقێکی ئەدەبی. بە گوێرەی روانین بۆ شیعری کلاسیك کە وەکو ئەدەبی چینی ئەرستۆکرات سەیر دەکرێت، بێگومان دەبێ زمانەکەیشی لەو ئاستەدا بێت. یەکێك لە کێشەکانی شیعری کلاسیکی پەیوەندی بە زمانی نووسینەوە هەیە کە زمانێکی تێکەڵاوە لە زاراوەی عەرەبیو فارسی تورکی. رەنگە یەکێك لە هۆکارە دیارەکانی ئەو هەموو وشەو زاراوە عەرەبیو فارسیو تورکییە لە دەقی کلاسیکی کوردیدا سەرباری باڵادەستبوونی کەلتووری ئەو نەتەوانە بە هەموو رەگەزەکانییەوە بەسەر کەلتووری کوردیدا، لاوازی چینی ئەرستۆکراتی کوردی بوو بێت کە لە ئاستێکدا نەبووە زمانی تایبەت بە خۆیی هەبێتو بەو پێیەش ئەدەبی کلاسیکی کوردی گوزارشتی راستەقینە بوو بێت بە زمانی ئەو چینە. زۆرجار ئەوەمان بەربای گوێ دەکەوێت کە رۆشنبیرە نەریتیەکانی ئێمە هەموو بایەخو گەوهەری شیعری کلاسیکی کوردی دەگێڕانەوە بۆ ئەو زمانەی کە پێی نووسراوە

گوایە زمانێکی بەرزە بەڵام لە راستیدا وانیە چونکە ئەو زمانە پێ لە وشەی بێگانەو مەرجیش نییە وشە بێگانەکان لە سیاقە کوردییەکەدا هەمان ئەو مانایە ببەخشن کە لە زمانە ئەسڵییەکەی خۆیاندا هەیانە، ئەمە سەرباری ئەوەی کە سیاقی ڕۆزمانیش زۆرجار کوردی نییە هەرچەندە شیعر مەرج نییە پەیڕەوی ڕۆزمان بکات. بێگومان ئەو ئاڵۆزییەی زمان هۆکارێکی سەرەکیە بۆ ئەوەی کە زۆرینەی خوێندەواری کورد نەتوانێت لە شیعری کلاسیکی کوردی تێبگاتو لە هەمووشی سەیرتر ئەوەیە کە لە نێوەندی ڕۆشنبیری ئێمەدا ئەوە وەکو خاڵێکی گەشو پێزەتیفی شیعری کلاسیکی کوردی سەیر بکرێت واتە مادەم خەڵك ناتوانێت لەم جۆرە شیعرە تێبگات، یان تەنانەت ناتوانێت بە ڕاستی بیخوێنێتەوە مانای وایە ئەوە شیعرێکی بەرزو نایابە.
بەهەرحاڵ ئێمە دەزانین سامانی شیعری کلاسیکی کوردی سامانێکی تا ئەندازەیەك دەوڵەمەندە بەڵام ئایا سەرچاوەی ئەسڵی شیعری کلاسیکی کوردی عەقڵو خەیاڵی کوردییە یان دەشێ وای بۆبچین خەیاڵو عەقڵی کەلتوورەکانی تر لە پشتی بەرهەمهێنانی ئەم جۆرە شیعرەوەیە لە مێژووی شیعری کوردیدا؟ بێگومان ئەگەر لەسەر دوو ئاست سەیر بکەین ئەوا ڕاستەخۆ وەڵامی ئەم پرسیارەمان دەستگیر دەبێت. یەکەم لە ئاستی زمانی دەقە کلاسیکیەکان خۆیاندا کە تێکەڵاوێکن لە کوردیو وشەی عەرەبیو فارسی. دووەم وەکو ئاشکرایە کێشەکانی شیعری کلاسیکی کوردی بۆجگە لە زۆربەی ئەو بەرهەمانەی کە بە زاری گۆرانی نووسراون کە بە کێشی پەنجەن کە ئەویش کێشی فۆلکلۆری کوردییەو ئەویش هەمان کێشی گاتاکانی ئایینی زەردەشتییە، ئەویتری بە کێشەکانی خەلیلی کۆی ئەحمەدی فەراهیدی نووسراوە یان بە کێشی مەسنەوی فارسی نووسراوە کە هیچیان کوردی نیین. دیارە مەبەستمان لەم قسەیەش ئەوە نییە کە بڕێین مادەم شیعری کلاسیکی کوردی بەو زمانەو بەو کێشانە نووسراوە هیچ بەهایەکی نەتەوەیی یان ئەدەبی نەتەوەی نییە. نەخێر بەکو مەبەستمان ئەوەیە کە بڕێین داخۆ چەند پێ بایەختر دەبوو ئەگەر شیعری کلاسیکی کوردی بە کێشی تایبەتی کوردیو بە زمانی کوردی کە مەبەستمان زمانی ستاندەر یان ئەرستۆکراتی کوردییە بنووسرایە، نەك بە زمانی تێکەڵاو لە عەرەبیو فارسیو تورکیو سەرباری ئەوەش بە زاری ناوچەیی بۆ نموونە لە کاتێکدا کە ئەحمەدی خانیو مەلای جزیری بە کرمانجی سەرو نووسیوویانە، نالیو سالمو کوردیو مەحوی.. بە زاری کرمانجی خواروو نووسیوویانەو بۆسارانیو مەولەویو شاعیرانی تری هەورامی بە زاری گۆرانی نووسیوویانە کە ئەوەش زیاتر خاسێتی ناوچەیی بوونی بە شیعری کلاسیکی کوردی بەخشیووەو ئەوەش وایکردووە کە شیعری کلاسیکی کوردی وەکو ئەدەبی ناوچەیی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا بمێنێتەوەو

لەسەر ئاستی جوگرافیای نەتەوە تا مۆزوویەکی درەنگیش ئەو ئامادەبوونەی نەبێت. ئەوەش وایکردووە کە سەرچاوەکانی شعیری کلاسیکی کوردیش جۆرێك لە ناوچەگەریان پێوە دیار بێت بۆ نموونە ئەوەندەی شیعرەکانی نالیو سالم پەیوەستن بە میرنشینی بابانو سنووری قەڵەمڕەوی ئەو میرنشینەوە ئەوەندە پەیوەست نین بە هەموو جوگرافیای کوردەوە، هەروەك بەرهەمەکانی مەلای جزیریو ئەحمەدی خانی پەیوەستن بە جوگرافیای بادینانەوە لەبری جوگرافیای کوردستان.

بە هەرحاڵ ئەمەی لەسەرەوە باسکرا بەشێکە لەو کێشانەی کە دەبێ کاتێ باسی سەرچاوەکانی شیعری کلاسیکی کوردی دەکەین یان کاتێ باسی سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی شیعری هەر شاعیرێك دەکەین یان لە بارەی بنەماکانی گوتاری شیعری هەر شاعیرێکی کلاسیکی کوردەوە دەدوێین دەبێ ئاگاداری ئەو کێسپو بەربەستو کێشانە بین نەك بەشێوەیەکی گشتگرو بێ لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییەکان بە یەك شێوەو بە یەك ئاراستە باسی سەرچاوەکانی شیعری کلاسیکی کوردی بکەین. ڕەنگە ئەگەر بواری توێژینەوەی ئەدەبی بەراوردکاری لە نێوەندی ڕێشنبیری کوردیدا بێ ئەمەو پێش بواری توێژینەوەی بێنوێکداچوونی دۆق (Intretextuality) لە ئێستادا دەوڵەمەند بوایە زۆر پەیوەندی ئاشکرای نێوان شیعری کلاسیکی کوردیو فارسی یان کوردیو عەرەبی پەردەی لەسەر هەڵبگیرایەو مەودای کاریگەری شیعری کلاسیکی ئەوان لەسەر شیعری کلاسیکی کوردی دەربکەوتایە.

دیارە ئەوەش مایەی پرسیارە کە لە نێوەندی ڕێشنبیری ئێمەدا تاکو ئێستاش زانیاری گشتی سەبارەت بە کلاسیك زانیاریەکی سەرپێییە. لە ڕاستیدا زاراوەی کلاسیك لەسەردەمی گریکدا مەبەست لەو بەرهەمانە بووە کە بۆ چینی سەرەوە دەنووسران. لەسەردەمی ڕەماندا مەبەست لە زاراوەی کلاسیك ئاماژەکردن بوو بۆ ئەو نووسەرو داهێنەرانەی کە خاسێتو نەریتو عەقڵی چینی سەرەوەی کەمەگەیان هەگرتبوو واتە چینی ئەرستۆکرات. بەڵام لە سەدەکانی ناوەنددا ئەم زاراوەیە مانای نووسەرێکی لە خۆدەگرت کە لە پێلدا خوێندبێتی بەبێ لەبەرچاوگرتنی پێگەی کەمەایەتیو پێوەستبوونی چینایەتی. لەسەردەمی ڕێنیسانسدا تەنها ئەو بەرهەمە مەزنانە بە کلاسیك دادەنران کە لەسەردەمی گریکو ڕەماندا بەرهەم هاتبوون کە بەرهەمی پێبایەخی چینی یەکەم بوون. هەروەك لە ڕوانینی هیومانیستانەوە ئەو بۆچوونە جێگیر بوو کە نووسەری کلاسیك ئەو نووسەرەیە کە گەیشتۆتە ئاستی تەواو(کەمال) لە هەموو ڕوویەکەوە. هەروەك لەو سەردەمەدا زاراوەی کلاسیك لە سێ ڕوانگەوە دەبینرێت یان بە پێی سێ پێودانگ شوناسی کلاسیکی بوون

وەردەگرێت کە بریتین لە:پەیوەستبوون بە چینی یەکەمەوە یان نایابیوون، دڕین ، نموونەیی(J.A. Cuddon, a dictionary of literary Terms. P.122) . کەواتە لێرەدا ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە زاراوەی کلاسیك پەیوەندی بە گریكو ڕۆمانو ئەو ئەدەبەوە هەیە کە لە سەردەمی ئەو دوو شارستانێتیەدا بەرهەم هاتووەو ئەو ئەدەبەش بۆ چینی باڵای کۆمەڵگە نووسراوە. نکوڵی ئەوەش ناکرێت کە دواترو بە تایبەتی لە سەردەمی ڕێنیسانس بە دواوە چەمکی کلاسیك لە ئەدەبدا بە گشتیو لە شیعرو درامادا بە تایبەتی ئەو خاسێتە سەرەکیانەی لە دەست نەداوە، هەرچەندە کاریگەری دەرکەوتنی بیرو ئایدیاو فەلسەفەی سەردەمەکەشی پێوە دیار بوو بێت. بەڵام بە گشتی لای زۆرینەی خوێنەرانی دواتر کلاسیك وەکو ڕەگەزێکی ئاڕاستەی ئەدەبی سەیرکراوەو ئەو خاسێتەی کە گوایە ئەم ئەدەبە بۆ چینی بەرز یان ئەرستۆکراتەکان نووسراوە تاکو ئێستاش ئامادەبوونی هەیە لەو ڕوانگەیەوە کە گوایە تێگەیشتنی ئەم ئەدەبە گرانەو ئاڕاستەو خەڵکی ئاسایی ناتوانێت لێی تێبگات. هەر بۆیە ئەو بۆچوونە بەردەوام دەگوترێتەوە کە دەڵێت: کلاسیك ئەو کتێبانەن کە هەمیشە گومان لێ دەبێت کە خەڵك لە بارەیانەوە دەڵێن: جارێکی تر دەیخوێنمەوە، هەرگیز ناڵێن: دەیخوێنمەوە(Italo Calvino The Uses of Litrature p.125) . ئەمەش جۆرێك لە ناراستی تێدایە چونکە ئەو بۆچوونە لای خوێنەر جێگیر بووەو بەشەرمی دەزانێت بڵێت من ئەو کتێبە یان ئەو بەرهەمە کلاسیکەم نەخوێندووەتەوە. لە ڕاستیشدا ئەمە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە گوایە ئەدەبی کلاسیك ئەدەبی چینی باڵایەو ئەو خوێنەرەی نەیخوێندبێتەوە مانای وایە لەو چینە کۆمەڵایەتیە نییە یان ئاستی ڕۆشنبیریو عەقڵی لەو ئاستەدا نییە کە لەو ئەدەبە تێبگات. بەهەرحاڵ ئەو بۆچوونە تا ئەندازەیەکی ئاشکرا لە ئەدەبی گەلاندا جێگیرە کە ئەدەبی کلاسیك بایەخی خۆیی هەیەو خوێنەری سەردەم ناتوانێت باش لێی تێبگات، ئەمە سەرباری ئەو بۆچوونە جێگیرەی کە پێی وایە ئەدەبی کلاسیك لە ئاستکی باڵای داهێنانداییەو تەنانەت لوتکەی داهێنانی ئەدەبی هەر نەتەوەیەك بریتیە لە ئەدەبی کلاسیکی ئەو نەتەوەیە. ئەم بۆچوونەش بە ئاسانی ناگڕێت بە تایبەتی لە نێوەندی ڕۆشنبیر کوردیدا هەکەشی ئەوەیە بەراورد بە ئەدەبی کلاسیك قۆناغەکانی داوتری ئەدەب بە تایبەتی شیعر بە بۆچوونی زۆرك لە خوێنەرانی نەریتی لاوازن چ لە ڕووی ئاستی داهێنانەوە چ لە ئاستی جیهانبینی ئەدەبیو تەنانەت لە ڕووی ئامادەبوونی کەسێتو نوخبەی خەریك بوو بە ئەدەبیشەوە ئەم تێوانینە زۆربەی کات پشتگیری لێدەکرێت یان هەر هیچ نەبێت ڕەت ناکرێتەوە. بەهەرحاڵ ئەمە لێرەوە دەگەڕێنەوە بۆ باسکردنی ئەو

سەرچاوانەی کە دەقی مەحویان بە گشتی لەسەر بنیادنراوە.

لە سەرەتاشەوە پێمباشە ئەو پرسیارە بەرز بکەینەوە: ئایا ئەو ڕەگەزانەی کە شیعری مەحویان بەرهەم هێناوە تا چ ئاستێك بەشداری دەکەن لە بەرهەمهێنانی ماناو دەلالەتدا؟ ئایا مەحوی بۆچی ئەو ڕەگەزانەی بەکارهێناوە؟ ئایا زمان وەکو ڕەگەزی یەکەمی بەرهەمهێنانی دەق لە ئەزموونی شیعری مەحویدا توانیوێتی ئەرکی هەگرتنی ماناو دەلالات ببینێت؟ ئایا ئەتمەسفێری گشتی شیعری مەحوی چۆن لەگەڵ ڕەگەزەکانی تری بنیادنانی دەقدا کاردەکات بۆ بەرهەمهێنانی شیعرییەتو لەوێشەوە بۆ ڕەخساندنی زەمینەی دروستکردنو بەرزکردنەوەی پرسیار؟
دیارە ئەوە ئاشکرایە کە بەرهەمی شیعری مەحوی وەکو سەرجەمی شیعری کلاسیك ڕەگەزەکانی شیعری کلاسیكو تەکنیکەکانی شیعری کلاسیکی تێدایە. ئەمە سەرباری ئەو بنەما سەرەکیانەی کە شیعر وەکو دەقی هونەری دەبێ هەیبێت. دەقی شیعری مەحوی دەقێکی دەوڵەمەندە بە وێنەی شیعریو میتافۆرو پارادۆکسو بەکارهێنانی هێما ئەمە سەرباری هونەرەکانی تری نووسینی شیعر لە جۆری کێشو سەرواو ڕەگەزی گۆرانەوەو دایەلێکو مۆنۆلۆگو... بەڵام دیارە ئەم ڕەگەزانە خاسێتی گشتی دەقی شیعرینو ناشێت تەسەوری بەرهەمهێنانی دەقێکی زیندووی شیعریی بکەین بەبێ بوونی زۆرینەی ئەم ڕەگەزانە. بەڵام ئایا ئەو سەرچاوانەی کە جیهانبینی شیعری مەحوی پێکدەهێنن و شووناس بە ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرە دەبەخشن چین؟

یەکەم: یەکێك لە سەرچاوە سەرەکیەکانی شیعری مەحوی ئایەتەکانی قورئانە یان بە شێوەیەکی تر بڵێین مەحوی لە زۆرێك لە دەقەکانیدا هەوێداوە دەقی قورئانی یان ماناو مەبەستی ئایەتێکی قورئان بکات بە بنەما بۆ ئەوەی مەبەستی شیعری خۆیی پێ بەهێز بکاتو لە هەمان کاتیشدا ڕەهەندێکی قوڵی فیکری ئایینی بە دەقەکەی ببەخشێتو لە هەمان کاتیشدا گەوهەری ئەو دەقە ئایینیە لە پێناوی بەرهەمهێنانی جیهانبینی شیعری خۆیدا بەکار بهێنێت. ڕەنگە ئەو پرسیارەشمان لە لا دروست ببێت ئایا مەحوی بە درێژایی ئەزموونی شیعر نووسینی خۆی بۆ جیاوازی واتە لەو کاتەوە کە دەستی کردووە بە شیعر نووسین تا ئەو کاتەی دوا شیعری نووسیووە، گەڕاوەتەوە بۆ سوود وەرگرتن لە ئایەتەکانی قورئان یان لە قۆناغێکی دیاری کراوی ژیانو ئەزموونی شیعری خۆیدا بەوجۆرە کاری کردووە؟ بەهەرحاڵ نەبوونی مۆژووی نووسینی دەقە شیعرییەکان لای ئەم شاعیرە وەکو زۆربەی شاعیرانی تری کلاسیکی ئەمە ڕێگرە لە دڵنیاوەی وەڵامی ئەم پرسیارەدا.

مەحوی لە شیعری (کە ئەمری فەرمو) دا دەڵێت:
کە ئەمری فەرمو ئەو شاهە بە (اقرأ)،
ئەگەر فەرمانی قەتڵە کۆ دەڵێ نەخێر.
ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئایەتی (اقرا کتابك، کفی بنفسك الیوم علیك حسیبا). کە وەکو لە پەراوێزی دیوانی مەحوی مامۆستا مەلا کەریمی مودەڕیسو کاکە حەمەی کۆیدا هاتووە مەبەست لەم دێڕەو ئایەتەکە ئەوەیە کە خوا لە ڕۆژی دوایدا نامەی کرداری هەر کەسە دەداتە دەستی ئەو کەسە خۆی و فەرمانی پێدەکات کە نامەی کرداڕەکانی خۆی بخوێنێتەوە تا بزانێت لە دنیادا چی کردووە. بۆگومان مەحویش بەو مەبەستە ئیحای ئەو ئایەتەی هێناوەتە نێو ئەم دێڕەی شیعرەکەیەوە کە مەبەستی ئەوەیە بڵێت هەموو کەسێك پاداشت یان سزای ئەوە وەردەگرێت کە لە ژیانیدا دەیکات، ئەو بۆچوونەش بەرجەستە دەکات کە هیچ کەس ناتوانێت لە لێپرسینەوەی ڕۆژی دوایی ڕزگاری ببێت بۆیە باشتر وایە هەمووان بە جۆرێك کارو ڕەفتار بکەن کە کاتێ خودا نامەی کرداری خۆیانیان دەداتە دەست تا بیخوێننەوە، سەربەرزانە لەبەرامبەر خودای خۆیاندا ڕابووەستنو بێ ترس لە چارەنووسیان نامەی کرداری خۆیان بخوێننەوە. لە پشتی ئەم لێکدانەوەیەشەوە ئەو بۆچوونە باڵادەستەی مەحوی ڕاوەستاوە کە پێی وایە لەبەر ئەوەی ئەم دنیا کورت تەمەنەو دەبێتەوە، مرۆڤی ژیر ئەو کەسەیە کە دەستبەرداری ئەم دنیایە دەبێتو خۆی تەرخان دەکات لە پێناوی ئەو دنیادا.
هەر لە هەمان شیعردا مەحوی دەڵێت:
بە یادی قامەتی ماوم بە پێوە،
علی ما مثلها موسی توکأ.
ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەم ئایاتە: و ما بیمینك یا موسی؟ قال هی عصای اتوکوا علیها و اهش بها علی غنمی و لی مارب اخری). واتە خوا لە حەزرەتی موسای پرسی ئەوە چییە بە دەستی ڕاستتەوە؟ ئەویش وەڵامی دایەوەو وتی ئەوە عەساکەمە خۆم دەدەم بەسەریداو مەڕەکانمی پێ لێدەخۆمو مەبەستی تریشم پێی هەیە(پەراوێزی دیوانی مەحوی ل.41). لە ئاستی بینراوی ئەم دێڕەدا مەحوی باسی ئەوە دەکات کە بیرەوەری یادکردنەوەی بەژنو باڵای یار ئەوی بە پێوە ڕاگرتووە واتە ئەوەی هێزی بە پێوە ڕاوەستانی پێبەخشیووە تەنیا یادەوەری بەژنو باڵای یارە. بەڵام لە ئاستی قوڵتردا مەبەست ئەوەیە کە مرۆڤ ئەگەر ئومێدو هیوایەکی نەبێت لە ژیاندا ئەوە ناتوانێت لەسەر پێی خۆی ڕابووەستێتو درێژە بە ژیانی بدات. هەروەك وەرگرتنی ماناو دەقی ئەم ئایاتە لە قورئان لە ئاستی یەکەمدا ئەوەمان بیر دەخاتەوە کە حەزرەتی موسی توانیوێتی لەگەڵ خودا گفتوگۆ بکاتو لە وەڵامەکەشیدا

باسی ئەوە دەکات کە عەساکەی ئامرازێکە بە دەستیەوە بێ خۆ اگرتنو بێ جێبەجێ کردنی گەلێك کاری تریش. ئەمە جگە لەوەی کە عەساکەی موسا عەسایەکی سیحری بووەو سەرباری پێغەمبەرایەتی بەشێك لە کاریزمای موسا لە عەساکەیدا بووە کە گوایە عەسایەکی سیحری بووەو هێزی چاودێری کردن یان ریعایەتکردنی رەعیەتی پێبەخشیووە. بە هەمان شێوە بەژنو باڵای یاریش بێ مەحوی هەمان ماناو کاریگەری عەساکەی موسای هەیە ئەگەر مەحوی لەگەڵ یاردا بەیەك بگەن. کەواتە لێرەوە جۆرێك لە ئاوات خواستنی مەحوی هەیە بێ ئەوەی هەمان ئەو پێگەو دەسەڵاتەی موسای هەبووایەو هەرچۆن موسا بە عەساکەی زۆر کاری جێبەجێ کردووە ئەمیش هێزێکی لەوجۆرە نهێنی هەبووایە بێ ئەوەی خواستو ویستەکانی خۆیی پێ جێبەجێ بکردایە. لە هەمان کاتیشدا مەحوی لە ئاستێکی نەدرکێندراودا خۆی بەراورد دەکات بە موساو پێی وایە یارەکەی هاوشێوەی عەساکەی موسایەو لەو ئاستەدایە کە هەموو هێزێك بە مەحوی بسپێرێت. ئەمەش لە رووبەکی تریشەوە بەهادانی مەحوییە بەو یار هەر لێرەوە سەرباری عیشقی خودایانەی مەحوی کە عیشقێکی خاوێنە زیاتر شووناسی جۆرێکی تایبەت لە عیشق لە لای مەحوی دەردەکەوێت کە بینینی هێزوو توانای خودایانەیە لە بوونی یاردا.

مەحوی لە شعیری (رووبی دی)دا دەڵێت:
رووبی دی، لەو رۆژەوە، گەر رۆژە سەر گەردانە رۆژ.
گەییە ئێوارە، وەکو من ئیشی قوڵ پڕوانە رۆژ.
دیارە مەحوی لێرەدا یار دەدوێنێو لە هەمان کاتدا رووخساری جوانی یاریش بە رۆژ دەشووبهێنێت. باسی ئەوەش دەکات لەو کاتەوە رۆژ رووی گەشی یاری بینیووە سەرگەردان بووەو دڵتو دەچێت ئەویش یان لەبەر ئەوەیە کە رۆژ هەستی کردووە کە روخساری یار لە رووی گەشی ئەو جوانترە یان لەبەر ئەوەیە رۆژ ئەوەندە بە رووخساری جوانی یار سەرسام بووە ئارامی لەبەر بڕاوە. کاتێ رۆژ دەگاتە ئێوارە دیارە دەبێ ئاوا بێت ئەوەش بێ رۆژ شتێکی ناخۆشەو مایەی بێزاریو خەمو نیگەرانییە بۆیە دەکەوێتە قوڵ پڕوان. ئەم دێڕە ئاماژەیە بێ ئایەتی: حتی اذا بلغ مغرب الشمس وجدها تغرب فی عین حمئه) واتە کە ئەسکەندەری جووت شاخ گەیشتە شوێنی ئاوابوونی خۆر، بینی خۆر لە ناو کانییەکی قوڕە رەشەدا ون دەبێ_ پەراوێز ل.137). پشتر ئەسکەندەر کە دەیووبست بزانێت خۆر لە ئێوارەدا چی لێ دێتو بێ کوڵ دەچێت، بە دوای ئەو ئارەزووەی خۆیدا چوو تا بە چاوی خۆی بینی خۆر لە نێو کانیەکی قوڕە رەشەدا نقووم دەبێتو ئیتر تاریکی شەو دادێت. بەڵام کاتێ خۆر کە بە ناچاریو بێ ویستو ئارەزووی خۆی ئاوا

دەبێت، قۆناغی دەپۆلەت چونکە لە بینینی رووخساری جوانی یارەکەی ئەم بەبەش دەبێت، کە دەشێ لەرەدا جۆرێك لە جۆگەکە هەبێتو مەبەست لەو خارەی کە قۆناغی دەپۆلەت ئەمی شاعیر خۆی بێت. بەڵام کاتێ خۆر ئاوا دەبێت بە پێی بۆچوونەکەی ئەسکەندەر دەکەوێتە ناو کانییەکی قوڵە رەشەوە، ئەمەیان تەنیا ئەو دەلالەتە بەرهەم دێنێت مادەم لە دوای رووناکی رۆژ شەوی تاریك دێت، مانای وایە سەرچاوەی رووناکی نوقمی نێو رەشایی دەبێتو ئەو تاریکییەی شەویش رەنگدانەوەی ئەو کانییە کە بریتییە لە قوڵە رەشە کە خۆری تێدەکەوێت. بۆگومان ئەمە نموونەیەکی کەمە لەو دێڕە شیعرانەی مەحوی کە سەرچاوەکەیان ئایاتی قورئانە.

دووەم: سەرچاوەیەکی تری دەقەکانی مەحوی فەرموودەکانی پێغەمبەرە کە ئەوەش بە مەبەستی جۆراو جۆر لە پێناوی بەرهەمهێنانی جیهانبینی شیعریدا بەکار هێناون. لە شیعری (دەپرسی، لاپەڕەی 55) دا مەحوی دەڵێت: دڵە عەرشی خودا (مەحوی)، خەجاڵەت بە لەبەر غەفڵەت.

کە بێتە بوتکەدەی بێ بەرهەمەن یا دەیری بێ راهیب.

مەبەست لەم دێڕە ئەوەیە کە دڵی مرۆڤی خاوەن ئیمان عەرشی خودایە، ئەوە مایەی شەرمەزاریە کە مرۆڤ هێندە بێئاگا بێت کە دڵی ببێت بە بتخانەی بەڕەهمەن، یان کڵێسای بێ راهیب. کە مەبەست لەم قسەیەش ئەوەیە کە دڵ وەکو بتخانەو کڵێسای چۆڵی لێ بێت. لە پشتی ئەم دێڕەوە ئەو مانایە بەرهەم دێت کە کاتی مرۆڤی خاوەن بڕوا لایەنی کەمتەرخەمی دەگرێت لەگەڵ ڕێشتنی کاتدا دڵی کە دەبێ هەمیشە جۆگای سۆزو بەزەییو ئیشراقی خودایی بێتو بە نووری خودا رووناك بێتەوە، وەکو بتخانەو کڵێسای لێدێت. لە راستیشدا ئەوە کارێکی نابەجێو هەڵوێستێکی نادروستە بێ مرۆڤێك کە خۆی بە بڕوادار بزانێت کەچی دڵی ببێتە بتخانەو کڵێسا، هەرچەندە جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان بتخانەو کڵێسادا بەڵام مەحوی لە روانگەی پەیوەستبوونی خۆی بە ئیسلامو وەکو ئیسلامێکی خاپاڕزیش چونکە لە نەستدا جگە لە ئیسلام هەموو ئەوانی تر بە لادەر دەزانێت بۆیە ناتوانێت جیاوازی بکات لە نێوان کڵێسا کە شوێنی پەرستیاریو جۆگای لێوە ڕابەرایەتی کردنی ئایینێکی ئاسمانییە لەگەڵ بتخانەدا کە شوێنی دانانی ئەو هاوبەشو هاتایانەیە کە لەلایەن مرۆڤەوە بێ خودا دادەنرێن. سەرچاوەی ئەم دێڕە بریتییە لەو فەرموودەیەی پێغەمبەر کە دەڵێت: قلب المؤمن عرش الرحمن). واتە دڵی بڕوادار عەرشی خودایە. بۆگومان ئەوە جۆگای ڕەخنەیەکی گەورەیە کە ڕۆگا بدرێت عەرشی خودا ببێت بە بتخانە یان کڵێسا. دیارە وشەی کڵێسا ئەوەشمان بێ ڕوون دەکاتەوە کە مەبەست لە

بڕوادار لەم فەرموودەیەدا تەنیا مسوڵمانە، ئەگینا ئەهلی کێساش بڕوادرو خواپەرستن.

لە شیعری (ئەو عیشوە بازە)دا لاپەڕەی 133، مەحوی دەڵێت:
بازڕی بێ بە کەم مەگرە ئاهی بێ کەسان.
بەم سروە بایە عەرشی خودا دێتە ئیهتیزاز.

مانای ئاشکرای ئەم دێڕە ئەوەیە کە نابێت ئاهو هەناسەی ستەم لێکراوان بە کەم بزانرێت هەرچەندە ستەمکار زۆر بەهێزیش بێت، چونکە ئەو هەناسەو ئاهە دەشێ عەرشی پەروەردگار بنێتە لەرزین کە ئەمیش دەشێ لەبەر هێزەکەی بێت یان لەبەر ئەوناهەقیو ستەمەی کە لەوان دەکرێت عەرشی خودا بێتە لەرزین. لە ئاستی قوێتردا ئەم دێرە ئەو مانایە بەرهەم دێنێت کە ستەم لە هەر کوێیەك بکرێت کارێکی نادروستو ناڕەوایەو دەشێ ستم لێکراو تا ئەندازەیەك دان بە خۆیدا بگرێتو سەرئەنجام هەوڵدەدات ئەو ستەمە لەسەر خۆی لابێبات. هەروەك ئەوی ستەم لێکراو بە رووی ئەوی ستەمکار یان دەسەڵاتدا رادەپەڕێت، کە دەشێ لەو ڕاپەڕینەدا عەرشی ئەوی ستەمکار بلەرزێنێت کە لێرەدا دەشێ ئەوی ستەمکار بە مانای دەسەڵات بەکار هاتبێتو لە بارێکی وەهاشدا خودا هێمای دەسەڵاتەو دەشێ ئەو بڕچوونەش لە ئاستێکی تردا ئەوەمان بێ بەرهەم بهێنێت کە هەموو دەسەڵاتێك هێمای ستەمکاریو سەرکوتکردنو چەوساندنەوەو ماف خواردنی ئەوانی تر بێتو لەبارێکی وەهاشدا لەرزاندنی عەرشی خودا لەرزاندنی سیستەمو هەرەمی ئەو دەسەڵاتە بێت کە ستەم دەکات.
ئەم دێڕەش ئیحای لەو فەرموودەیەی پێغەمبەرەوە وەرگرتووە کە دەڵێت: عرش الرحمان یهتز لبکائ المڤلومین) واتە عەرشی خودا لەبەر گریانی ستەم لێکراوان دێتە لەرزە.
لە شیعری (کەلامێکە) لە لاپەڕەی 167دا مەحوی دەڵێت:
کەلامێکە لە حیکمەت کەیلو جامیع.
عەتاکەر هەر یەکە، هەر ئەوشە مانیع.

مەبەست لەم دێڕە ئەوەیە کە ئەوەی توانای بەخشینی هەیە هەر خودایە، هەر خۆیشی دەتوانێت ئەوەی کە بەخشیوێتی بیبڕێت. هەروەك ئەوەش دەگەیەنێت ئەوەی کە خودا دەیبەخشی کەس ناتوانێت بەوجۆرە بیبەخشێت. ئەم دێڕە مەبەستی نیشاندانی دەسەڵاتی رەهای خودایەو ئەوەش بەرجەستە دەکات کە جگە لە دەسەڵاتی خودا هەموو دەسەڵاتێکی تر پووچو بڕمانایە، هەموو بەخشینکیش بێجگە لەوەی کە ئەو دەیبەخشێت هیچ مانایەکی نییە. ئەم دێڕە ئاماژەیە بێ ئەو فەرموودەی پێغەمبەر کە دەڵێت: لا مانع لما اعتیت، ولا معنی لما

منعت) واته کەس ناتوانێت ئەوە ببێت کە خودا داوییەتیو کەسیش ناتوانێت ئەوە بدات کە خودا بیوێتی. واتە هیچ کەس ناتوانێت دەورو کاریگەری هەبێت لەسەر بڕیاری خودا نە بە باشو نە بە خراپ. ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە مرۆڤ بوویەکی قەدەرییەو چی لە چارە نووسرابێت دەبێت رووبدات. ئەمەش لە راستیدا گەوهەری تێواننی مەحوییە بۆ مرۆڤ کە هەمیشە وەکو بوویەکی بێ دەسەڵاتو لاواز پشکەشی دەکاتو هەموو ئیرادەیەکی لێدەسەنێتەوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بەرپرسیاری دەکات لەو خراپەو هەڵانەی کە دەیکات، یان لەو کەمتەرخەمیانەی لە جێبەجێکردنی ئەرکە ئایینییەکانیدا دەیکات. کەواتە لێرەدا ئەوە ئاشکرا دەبێت کە مەحوی بۆ بە هێزکردنی تێواننی خێی بەرامبەر بە مرۆڤو تواناو دەسەڵاتی لەم گەردوونەدا پەنا دەبات بۆ هێنانەوەی فەرموودەیەکی پێغەمبەر تا بە پشتی ئەو بیسەلمێنێت مرۆڤ جگە لە بوویەکی بێدەسەڵات هیچی تر نییە لەم گەردوونەدا.

مەحوی لە شیعری (چ خاکێ) لاپەرەِی 187ی دیوانەکەیدا دێت:
دەزانی جیفەیە دنیا، دە حەیفە،
وەکو سەگ ئەم شەو شێە لەسەر لاك.

واتە مادەم دەزانن کە دنیا وەکو لاکی گیاندارێکی مردارەوە بوو وایە، ئێتر بۆچی دەبێ وەکو سەگ لەسەر ئەو لاکە مردارەوە بووە شەڕ بکەن. ئەمەش لەو فەرموودەیەی پێغەمبەرەوە هاتووە کە دەڵێت: الدنیا جیفه و طالبها کلاب)، واتە دنیا لاکە تێپیوەو ئەوانەشی کە دەیانەوێ هەموو شتێ بکەن لە پێناوی ئەم دنیایەدا وەکو سەگی سەر لاکە تێپیون(پەراوێزی دیوان،ل. 187). بێگومان سەرباری ئەو مانا ئاشکرایەی کە ئەم دێرە هەیەتی لە هەمان کاتدا ئەوەش دەگەیەنێت کە مەحوی مەبەستی ئەوەیە کە ئەم دنیایە هیچ بایەخو گرنگییەکی نییەو هەر بە تەواوەتی لە لاکی ئاژەڵی مردارەوە بوو یان تێپیو دەچێت کە ئاژەڵی مردارەوە بوو دەشێ بگەن بکات، کەواتە دنیا نەك هەر شتێکی کەم بەهایە بەکو بگەنیشی کردووە. مرۆڤیش بە گشتی چاویان بڕیووەتە ئەم دنیا بێبەهایەو هەریەکە لە لایەکەوە پەلاماری دەدەنو هەرچی شەو ئاژاوەو ناکۆکیشیان هەیە لەسەر ئەم دنیایەیە واتە لەسەر شتێکی بێبەها هەرچەن سەگ لەسەر لاکی ئاژەڵو زیندەوەری مردارەوە بوو بەشەڕ دێن بەهەرحاڵ دەشێ ئاژەڵی تێپیو یان مردارەوەبوو بۆ سەگ بەهایەکی هەبێت ژونکە دەیخوات بەڵام دنیا دەشێ بۆ مرۆڤ ئەو بەهایەشی نەبێت. ئەمەش دیسان بەرجەستەی تێواننی مەحوی دەکات بۆ مرۆڤو دنیا کە ئەوەی لەم گەردوونەدا

کەم بەهابێت دنیاو ژیانەو هیچیان بایەخێکی ئەوتۆیان نییە لە روانگەی دەرخستنی گەوهەرو ماهیەتی ئەو مرۆڤەی کە توانیووێتی لەسە پێی خۆی رابووەستێت.
بۆگومان سەرچاوەکانی تری شیعری مەحوی رووداوە مێژوویییەکانو ئەفسانەو چیرۆکو بەسەرهاتەکانی مێژووی کوردیان مێژووی ئیسلامو جیهانین. رەنگە پرسیارێکی تریش خۆی بسەپێنێت ئەویش ئەوەیە ئایا شیعری مەحوی لە کوێی تەسەوفدایە؟ بە تایبەتی لێرەو لەوێش لە نێوەندی رۆشنبیری کوردیدا ئەوە دەبیسترێت کە مەحوی وەکو شاعیرێکی متەسەوف ناودەبرێت. بەڵام دیسان جێگای خۆیەتی ئەو پرسیارەش بەرزبکەینەوە ئایا کامیان باڵادەستترن لە شیعری مەحویدا دیدو جیهانبینی تەسەوف یان پوچگەرایی و بێهودەیی؟
یەکێك لەو رووداوە مێژوویییانەی کە خەسڵەتی ئەفسانەشی وەرگرتووە لە شیعری مەحویدا رووداوی بانگەشە کردنی (انا الحق) ی مەنسووری حەلاجو لە ئاکامی ئەوەشدا لە ناوبردنێتی. ئەم رووداوە لە گەڵك شیعری مەحویدا بووەتە مۆتیڤو سەرچاوەو بە هەمان مەبەست یان بە مەبەستی نزیك لەیەکتر بەکارهاتووە. لە شیعری (بە جۆ نایێ.ل.8).
مەحوی دەڵێت:
هەتا حەق ناصیرە، هەر حەقمە مەنزوور.
وەکو مەنسور ئەگەر بمکەن بە دارا).
لە شیعری (تێگەیو، ل.16)دا دەڵێت:
با حەقیشی بێ، لە بێ مەنسور انا الحق حەق نیە.
شێتییە مەجنون ئەگەر بێ نازی لەیلایی بکا.
لە شیعری (بومە خاکی،ل.33)دا دەڵێت:
قاتی پیاوە، لەسەر ئەم ئەرزە. دەبینی مەنسور.
بەسەری دارەوە. (دالنون)ە لە بن زیندانا.
لە شیعری (دەپرسی،ل.53)دا دەڵێت:
لە حەق بۆژی بوە بەحری انا الحق هەر قەسیدێکم،
لە باتیی جائیزە، واجب گەڵا قەتڵم بکەن واجیب.
لە شیعری (لە ئولکەی، ل.119)دا مەحوی دەڵێت:
خۆشی فەرموو چ مەجنونو چ مەنسور،
بەشی عاشق درا هەر بەردو هەر دار.
لە شیعری (موحەققەق،ل.127) دا دەڵێت:
موحەققەق هەر کەس مەسلەکیە حەققو حەققییە مەنسور.
سولوکی چونە سەر دارە، تەریقەی پیریە مەنسور.
لە شیعری (چیبکەم،ل. 147)دا دەڵێت:
حەق بۆژی یەك گوناهیە مەنسورو حەقمە من،
ئەم قەتعە گەر نیشانی نەدەم (مەحویا) بە کەس.

بۆچگە لەم نموونانە چەندین دۆی تریش لە بەرهەمەکانی مەحویدا هەن کە بە ئاشکرا یان لە شێوەی ئاماژەدا سەرچاوەکەیان رووداوی مێژووی بانگەشەکردنەکەی مەنسووری حەلاجە بێ (انا الحق)و لە داردانیشی لەسەر ئەو بانگەوازە.
ئایا ئەوەی مەحوی دەیەوێت لە رێگای چەندین جار بەکارهێنانی رووداوی بانگەشەکەی مەنسووری حەلاجو لە داردانی لەسەر ئەو بانگەوازەیە بیڵێت چییە؟ لە کاتێکدا کە ئەو بانگەوازە بانگەوازی خێ بە حەق زانین بوو، حەقیش وەها لێکدراوەتەوە کە مەبەست خودایەو ئەمەش لە روانینی نەیارەکانی مەنسوورەوە ئەوەی گەیاندووە کە ئەو بانگەوازی خوایەتی کردووە. دیارە هەر بەوەش تاوانباریان کردوو سەرئەنجام لە ناوبرا. ئایا مەحوی لە راستیدا لایەنگری بانگەشەو هەڵوێستەکەی مەنسوورە یان دژیەتی؟ ئگەر لایەنگری ئەو هەڵوێستە بێت ئایا ئەوە لەگەڵ هەڵوێستی خێپارێزانەی ئەودا تا چ ئاستێك دەگونجێت؟ کەواتە بۆچی مەحوی بەو ئەندازە بەربڵاوە لە دەقەکانیدا باسی حەق بۆژی خۆی دەکاتو لەو بوارەشدا خۆی وەکو هاوشێوەی مەنسوور نیشان دەدات؟
لە راستیدا نموونەی حەلاج نموونەیەکی دەگمەنە لە مێژووی ئیسلامدا بە گشتی. بە گوێرەی مەحوی یان هەر شاعیرێکی تری بڕوادارێ وەکو مەحوی بانگەشە کردن بێ هەڵوێستێکی لەو جۆرە تەنیا لە سنووری بانگەشەدا دەمێنێتەوە کە ئەویش بێ ئەو کەسانەی کە ناتوانن لە دەرەوەی دەسەڵاتی خودا و تەنانەت لە دەرەوەی دەسەڵاتی خەلافەتی ئیسلامی شتێکی تر ببینن. رەنگە هۆکاری خێ هاوشێوەکردن بە مەنسووری حەلاج تەنیا بێ راگرتنی باری هاوسەنگی سایکۆلۆجی بێت کە نزیکیو توانەوەیان لە نێو ئایینی ئیسلامو لە بڕوابوونی رەها بە دەسەڵاتی ئیسلامیو تەنانەت بڕوابوون بەوەی کە خەلافەتی ئیسلامی درێژکراوەی دەسەڵاتی پێغەمبەرو پەیامەکەیەتی بە تەواوی رێگر بێت لەوەی کە مەحوی یان هەرکەسێکی تری وەکو ئەو بوێری ئەوەی هەبێت کە هەڵوێستێکی وەکو ئەوی حەلاج وەربگرێت، هەر بۆیە بە ئامرازکردنی حەلاج لای مەحوی جگە لە هیواخواستنی مەحوی بێ ئەوەی بیتوانیایە وەکو حەلاج بێت شتێکی زیاتر نییەو لە راستیشدا مەحوی هەموو ئەوانەی تریش کە بەو جۆرە دەڕوانن تاکە حەقێك کە هەبێت حەقی بوونو دەسەڵاتی رەهای خودایە بۆیە بە بۆچوونی من جگە لەو پەیامەو دەسەڵاتەکەی زیاتر شتێکی تر بە حەق نازانو هیچ دوو دڵیو گومانێکیشیان لە رەوایو عەدالەتی ئەو دەسەڵاتە رەهایەش نییە، هەر لێرەوەیە هەڵوێستی زۆرێك لەو شاعیرنەی کە بە شاعیری شیعری تەسەوف دادەنرێن دەکەوێتە بەردەم گومانەوە چونکە سۆفیزم بریتیە لە جۆرێك لە ئۆپۆزسیۆن بوون بێ ناوەندی دەسەڵاتی ئیسلامی هەموو ئۆپۆزسیۆن

بوونکیش لە ئاستی قوڵدا جۆرێك لە پاڵنەری دوو دڵیو گومان بەرامبەر گەوهەرو ماهیەتی دەسەڵاتو رەفتارو جۆرەی دەسەڵات لەسەر زەمینەی واقیع دەیجوڵێنێت.

دەشێ مەحوی لە هەندێ دەسەڵاتی سەردەمەکەی خۆی بێزاربوو بێتو ئاراستەی بانگەشەکانی بۆ خۆهاوشێوەکردن لەگەڵ مەنسووردا لەبەرامبەر ئەو دەسەڵاتەدا بووبێت. هەرچۆن بڕچوونی لەوجۆرەش هەیە کە بانگەشەکەی مەنسوور بەرامبەر بە دەسەڵاتی خەلافەت بوو بێت نەك بەرامبەر بە ئایینی ئیسلام، واتە لەو روانگەیەوە حەق بە مانای دەسەڵات دێتو مەنسوور لەبەر ئەوەی ئەو دەسەڵاتەی بەلاوە ناعادیلو ناجۆر بووە کەواتە ئەو دەسەڵاتە کە دەسەلاتی خەلافەت بووە ئەم بە حەقی نەزانیووە، لەبەر ئەوە دەشێ ئەوە وەها لێکبدرێتەوە کە ڕەتکردنەوەکەی مەنسوور ڕەتکردنەوەی ئیسلام یان خودا نییە بەڵکو ڕەتکردنەوەی ئەو دەسەڵاتەیە کە خۆی بە نوێنەرو درێژکراوەی دەسەڵاتی خوداو ئیسلام دەزانێت. بەهەمان شێوە دەشێ مەحویش دەسەڵاتی سەردەمەکەی خۆی بە ناحەق بزانێتو لەبەرامبەر ئەو دەسەڵاتەدا خۆی بە بەرزترین نموونەی حەق بزانێت. بەڵام ئەوەی کە بنەمای خۆ هاوشێوەکردنی مەحوی لەم روانگەیەوە بە مەنسوور لاواز دەکات ئەوەیە کە مەحوی سەرباری ئەوەی سەر بە ڕێبازی نەقشبەندی بووە بەڵام پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتی خەلافەتی عوسمانیدا خراپ نەبووە تا بگاتە ئەوەی کە ئەو دەسەڵاتە بە ناحەق بزانێتو لای خۆیەوە بانگەوازی جۆرێکی تر لە حەق بکات.
لە لایەکی ترەوە مەحوی چەندین ئەفسانەی دڵداری وەکو لەیلاو مەجنونو شیرینو فەرهادیشی کردووەتە سەرچاوەی شیعری خۆیو بە مەبەستی ڕاستگۆییو قوربانیدان لە عیشقدا بەکاری هێناون. لەوەشدا مەبەستی بووە کە ئەوە نیشان بدات مرۆڤی ڕاستەقینە بە بێ عیشقو خۆشەویستی ناژیو عاشقی ڕاستەقینەش ئەو کەسەیە بە هەموو شتێ تەنانەت بە ژیانیشی قوربانی دەدات لە پێناوی خۆشەویستیدا. هەروەك مەحوی پێی وایە عیشق هەڵکارێکە بۆ بەردەوامبوونی مرۆڤ لە ژیانداو هەڵکارێکیشە بۆ ئەوەی مرۆڤ فێری دانبەخۆدا گرتنو ئازارو زەحمەت بکاتو، عیشق هەڵکارێکیشە بۆ پاکژکردنەوەی ڕۆحی مرۆڤو بۆ ئەوەی گیانی خۆنەویستیو خۆبەخت کردن لە پێناوی ئەوی تردا لە بوونی مرۆڤدا پەرە پێبدات.
مەحوی لە شیعری (دەوری هەر، ل.27)دا دەڵێت:
وەسیەتی مەجنونە: هەر کەس دەردی دنیا عارە بێ
خۆ بکا وەك من بە دەردی عیشقی یارێ موبتەلا.
لە شیعری (پرسرا حاڵم،ل.143)دا دەڵێت:

کە لە گوڵزاری نیشاتا گوڵبونی شیرینی ناشت
ئەو لە کۆساری غەما فەرهادی کردە لالەنۆژ.
لێرەدا بە ئاشکرا مەحوی باسی ئەوە دەکات شتێك نییە لە گەردووندا یەك ئاراستە یان یەك باری هەبێت، واتە ناشێت تەسەوری ئەوە بکرێت کە عیشقو خۆشەویستی سەرچاوەی رەهای ئاسوودەییو خۆشی بن، نەخێر لە کاتێکدا رووبەکی عیشقو دڵداری خۆشیو ئاسودەییە، لەبەرامبەردا بە دەستهێنانی ئەو خۆشیو ئاسودەییە دەبێتە سەرچاوەی خەمو کۆشەو ئاستەنگ هەرچێن فەرهاد لە پێناوی گەیشتن بە سەرچاوەی ئەو خۆشیو ئاسوودەییەدا کە عیشقو خۆشەویستیە گیانی دەبەخشێت کە دەشێ خوێنی رژاوی ئەو ببێتە سەرچاوەی شین بوونو گەشەکردنی نوێ. ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە هەرچێن عیشقو خۆشەویستی قوربانیدانی دەوێت بەهەمان شێوە نوێبوونەوەو شینبوونی نوێ پێویستی بە قوربانی دان هەیە. عیشقیش لە هەردوو بارەکەدا جۆرێکە لە قوربانی دانو خۆبەخت کردن چ عیشقی رەگەزی بەرامبەر بێت چ عیشقی سرووشتو جوانیو ژیانو زیندەگانی بێت.

بۆگومانی سەرباری ئاماژەکردن بۆ ئەفسانەی خۆشەویستی وەکو مەجنونو لەیلاو شیرینو فەرهاد، مەسەلەی عیشقو دڵداریو رەگەزی بەرامبەر لە ژێر ناوی یار یان خۆشەویستدا رووبەرێکی هێجگار فراوانی لە شیعری مەحویدا داگیر کردووە. دیارە عیشقیش لە ئەزموونی شیعری مەحویدا زیاتر عیشقێکی یەك لایەنەیەو ئەوی کە ئەم ناوی دەبات بەیار لە ئەمی عاشق بێئاگایە، یان ئاوێ لە ئەمی عاشق ناداتەوە. ئەمەش ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە پێناچێت عیشقو دڵداری لەلای شاعیر لەسەر زەمینەی واقیعی بوونێکی بەوجۆرەی هەبوو بێت کە لە دەقەکانیدا باسی دەکات، ئەمەش یان ئەوەیە کە مەحوی لە خەیاڵدا عاشق بووەو ئەو رووبەرە فراوانەی عیشقو دڵداری لە شیعری ئەودا داگیری کردووە بریتیە لە بەرهەمی خەیاڵ یان دەتوانین بڵێین ئەوەی مەحوی دروستی کردووە یێتێپیای عیشقو دڵداریە یان جۆرێکە لە عیشقی خودایی کە ئەویش بە بۆ رەگەزی بەرامبەر بریتیە لە عیشقێکی بۆگەردی رۆحی و تەنیا لە سنووری بۆگەردی رۆحدا باسی لێوەدەکرێتو بوونی هەیە کە ئەویش عیشقی خوداییە. بە ئاشکرا دیارە لەو مۆژووەی کە مەحوی تێدا ژیاوە عیشقو دڵداری بەو شێوەیەی کە مەحوی لە دەقەکانیدا باسی دەکات مەگەر تەنیا لە چیرۆکە ئەفسانەییەکاندا بوونی هەبوو بێت ئەگینا لەسەر زەمینەی واقیعی کۆمەڵگەکەی مەحوی ناشێت تەسەوری بوونی پەیوەندییەکی بەوجۆرە بۆ سنوورو بەهێزو کراوە لە کۆمەڵگەکەی مەحویدا بکرێت کە رووبەرێکی هێندە فراوانی گرتبێتەوە ئەگەر هاوشێوەش نەبێت ئەوا بە جۆرێك نزیك بێت لەو

رووبەرە فراوانەی عیشقو دڵداری کە لە دەقەکانی مەحویدا دەبینرێت.

هەروەك لەو بابەتانەی کە لەسەر بەرهەمی مەحوی نووسراون مەحوی وەکو شاعیرێکی سۆفی باسکراوەو بەو پێیەش پێداگری ئەوە کراوە کە زۆرك لە شیعری مەحوی تەسەوفە. ئەوەشی کە وایکردووە شیعری مەحوی بە شیعری سۆفی دابنرێت ئەوەیە کە مەسەلەی بانگەشە کردن بۆ وازهێنان لەم دنیاو خۆتەرخان کردن لە پێناوی بەدەستهێنانی ئەو دنیادا رووبەرێکی فراوانی لە شیعری مەحویدا داگیر کردووە، هەروەك هەیەکی تریش بۆ ئەوەی کە شیعری مەحوی بە تەسەوف دابنرێت ئەوەیە کە مەحوی خۆی سەربە رێبازی نەقشبەندی بووەو لە نێو دەقەکانیشیدا چەند جارێك ناوی مەولانا خالیدی نەقشبەندی تازەکەرەوەی ئەو رێبازەو ناوی شاهی نەقشبەند هاتووە کە دامەزرێنەری رێبازی نەقشبەندییە. دیارە نکۆی ئەوە ناکرێت کە بەشێك لە خاسیەتەکانی تەسەوف لە شیعری مەحویدا هەیە بەڵام رەنگە هەروا ئاسان نەبێت کە شیعری ئەم شاعیرە لە پڵەن کردندا بە شیعری تەسەوف دابنرێت چونکە زۆرك لەو خاسیەتانەی کە لە شیعری مەحویدا باسکراوەستەو بووەتە هۆی ئەوەی بە شیعری تەسەوف ناوببرێت، خاسیەتەکانی پوچگەرایی و بێهودەیی کە لە ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرەدا باسکراوەستە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە خاسیەتەکانی پوچگەرایی و بێهودەیی لە ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرەی ئێمەدا تەنیا لە سنووری دەربڕینی ئاسایدا ماونەتەوەو نەتوانراوە بە ماناو دەلالاتی فەلسەفی و مەعریفی ئەو ئاراستە فیکرییە بارگاوی بکرێن. بەڵام بەهەرحاڵ خاسیەتەکانی پوچگەرایی و بێهودەیی شانبەشانی هەندێ ئاماژەی تەسەوف دەری دەخەن کە ئەم ئاراستە فیکریانەو ئەم تێڕوانینانە بۆ ژیان و مرۆڤو بوونی مرۆڤ لە گەردووندا بوونەتە رەگەزی کاریگەری بەرهەمهێنانی شیعر لای مەحوی. مەحوی دەڵێت:

تا سەر نەبێتە گڵ، دە لە دنیا دە تۆ شەق
هەر ئەم شەقە بە کارە کەوا هەدرێ لە هیچ

لێرەدا بە ئاشکرا دەردەکەوێت کە بە روانینی مەحوی دنیاو ژیان هیچ بەهایەکیان نییەو مرۆڤ هەڵە دەکات کاتێ ئەوەندە بە تووندی باوەش بکات بە ژیانو بە دنیادا، چونکە درەنگ یان زوو مرۆڤ دەبێتە هیچو کەلەسەریشی دەبێتە تڕپ کە دیارە تێپیش بە شەق لێی هەدەدرێت. مەحوی داوای ئەوە دەکات تا مرۆڤ بەو ئەندازەیە بڕبڕەها نەبووە کە سەری ببێتە تڕپ، باشتر وایە خۆی دنیاو ژیان بکات تڕپو بەر شەقیان بدات. هەر بە بۆچوونی ئەم مادەم دنیاو ژیانیش هیچ بەهایەکیان نییەو مرۆڤیش هێندە پێیانەوە سەرقاڵە، تاکە رەتکردنەوەیەك کە لە ژیاندا مانایەکی هەبێت رەتکردنەوەی دنیاو ژیانە. ئەمەش لە

ناوەڕۆکدا بریتیە لە گەوهەری ئاراستەی پوچگەرایی‌و بەهودەیی. بەڵام ئایا لە راستیدا ئەم ئاراستە بیرکردنەوەیە توانیوێتی ببێتە جیهانبینی باوەستە لە ئەزموونی شیعری مەحویدا یان نا؟ بۆگومان شیعری مەحوی چەندین شێوازی بیرکردنەوەو روانینی جیاواز لە خۆیدا کۆدەکاتەوە بەڵام ناتوانرێت ئەوە بسەلمێنرێت کە یەکێك لەو بۆچوونانە بووبێتە بوونی باوەستو دیارو جیهانبینی شیعری مەحوی لەو چوارچێوەیەدا باس بکرێت. رەنگە هۆی ئەم مانەوەش لە ئاستی سادە یان رووکەشی ئاراستەی فیکری‌و فەلسەفی جۆراوجۆردا بگەڕێتەوە بۆ هەوڵستی خەباتزانەی مەحوی‌و قۆناغبوونەوە لە هیچ کام لەو بۆچوون‌و تێوانینە جۆراوجۆرانەدا.

سەرباری ئەو رەگەزو بنەمایانەی کە لە سەرەوە باسکران کە بوونەتە رەگەزی بەرهەم هێنانی شیعرو شیعریەت لە ئەزموونی شیعری مەحویدا، ئافرەت‌و سرووشتیش سەرباری ئەوەی کە ئەم دوو رەگەزە لە رەگەزە سەرەکیەکانی شیعری ڕۆمانسین بەڵام بوونەتە سەرچاوەی ئاشکرای دەقی مەحوی‌و ئەمانیش رووبەرێکی تا ئەندازەیەك فراوانیان لە ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرەدا داگیر کردووە، بە تایبەتی رەگەزی ئافرەت کە ئەویش لە لای مەحوی جێگەو بەهایەکی بەرزی هەیەو هەمیشەش شاعیر بەو جۆرە هەوڵست دەنووێنێت کە ئەوی ئافرەت بە ئاسانی دڵی بێ ئەم ناکاتەوەو تەنانەت مەیلیشی نادات. ئەوەش وایکردووە ئاخاوتنی مەحوی لە دەقەکانیدا لەگەڵ ئەوی ئافرەت تەنیا یەك ئاراستە بێت‌و ئەوی ئافرەت جگە لە بوویەکی مەعنەوی یان بووەیەك لە وەهمدا هیچی تر نەبێت. ئەمەش وایکردووە لە دەقی شیعری مەحویدا ئامادەبوونی ئافرەت یان رەگەزی مێ تەنیا ئامادەبوونێکی وەسفیەو ئەو وەسفکردنەش تەنیا رووکەشی دەرەوە دەگرێتەوەو نەگەیشتۆتە ئاستی دواندنی پەیوەندی قوڵو مەودافراوانی نێوان نێرو مێ لە رووە مرۆییە مەودا فراوانەکەیەوە کە تیایدا پەیوەندییەکی هاوسەنگی نێوان دوو رەگەزی هاوتاو هاوشان ئامادەبوونیان هەبێت.